پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۱
سال ۸، شماره ۲، پیاپی ۱۴

*Journal of Kurdish Literature*
Autumn and Winter 2022-2023
Vol. VIII, No. 2, Series 14

# گۆڕانی ناسروشتیی زمانی کوردی و بۆنی نامۆیی: خەسارناسیی پەرەسەندنی هەڵە زمانییەکان لە زاری ناوەندییدا

حوسێن میکائیلی[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۱۱ خرداد ۱۴۰۱؛ تاریخ پذیرش: ۱۴ بهمن ۱۴۰۱؛ صص. ۱۵۷-۱۷۰
**DOI:** https://doi.org/10.34785/J09.2022.010

## کورتە

زمانی کوردی وەک هەموو زمانێکی تر پێویستە بۆ مانەوە و گەشەکردن بگۆڕدرێ و دانوستانی لەگەڵ زمانانی تردا هەبێ، بەڵام هەر گۆڕانێک لە زماندا درێژەی گۆڕانە سروشتییەکەی نییە و پەسند ناکرێ. زمانی شێواوی نووسین و قسەکردنی ئەمڕۆ ـ بێجگە لە نموونەی ئاوارتە ـ دەرەنجامی کەمتەرخەمی و خەمساردی ئاخێوەرانی کوردی و بەتایبەت خوێندەوارەکانمانە. هەڵەزمانییەکانی کوردی بە هۆگەلی جۆراوجۆر وەک نەبوونی فێرکاری و خوێندنەوەی فەرمیی و دروست، کەمئەزموونیی وەرگێڕان و شێوەی وەرگێڕانی قەرزی، شێواویی زمانی میدیاکان و هتد وەدی هاتوون و تا دێ، ڕوو لە زیادبوونن. ئەم وتارە لەمەڕ خەسارناسی ئەو هەڵەزمانییانە دەدوێ وا بە هۆی ناشارەزایی وەرگێڕان و هۆگەلی تر هاتوونەتە نێو زاری ناوەندیی (زاراوەی موکریانی) کوردییە. نووسراوەی بەر دەست، توێژینەوەیەکی چۆنێتییانە (کەیفی)یە و بە شێوەی تیۆریک و وەسفی دارێژراوە و بێجگە لە هێنانەوەی چەند نموونە لە چەشن و جۆرەکانی هەڵەی ڕێزمانی، لە نێوەنێوەی دەق و کۆتایی وتارەکەدا ڕێکارگەلی بەرگری و خۆلادان لەو هەڵانە ئاماژەی پێکراوە. ئاکامی تاوتوێکردنی باسەکە دەریدەخا کە گۆڕین و دەسکاریی ناشارەزایانەی سینتاکسی کوردی، لە چاو قەرزکردنی وشەی بیانی، زەرەری زیاترە و زمان بەرەو نەمان دەبا.

**وشەگەلی سەرەکی:** زمانی کوردی؛ زاری ناوەندی؛ هەڵەی زمانی؛ وەرگێڕان؛ وەرگێڕانی قەرزی.

## چکیده

زبان کردی، مانند هر زبان دیگری برای بقا و بالیدن، نیازمند تغییر و دادوستد با دیگر زبان‌ها است؛ اما هر تغییری در زبان، پسندیده یا در ادامه‌ی سیرطبیعی آن نیست. زبان آشفته‌ی گفتن و نوشتن کردی در روزگار ما ـ به جز موارد استثنایی ـ نتیجه‌ی بی‌توجهی گویشوران و به ویژه افراد باسواد آن است. غلط‌های زبانی که روز به روز بر شمار آن‌ها افزوده می‌شود، به دلایل گوناگونی مانند رسمی و درست نبودن خواندن و نوشتن به این زبان، ناپختگی مترجمان و رواج ترجمه‌ی قرضی، آشفتگی زبان رسانه‌ها و غیره، به وجود آمده‌اند. موضوع این مقاله، آسیب‌شناسی رواج آن‌دسته از غلط‌های زبانی است که به دلایلی مانند ناشیگری در ترجمه وارد لهجه‌ی موکریانی از گویش مرکزی زبان کردی شده‌اند. این نوشته، پژوهشی کیفی و به شیوه‌ی توصیفی است که در آن، نمونه‌هایی از انواع غلط‌های زبانی و راهکارهای پیشگیری و پرهیز از غلط‌گویی و غلط‌نویسی نیز ارائه شده است. نتایج این تحقیق نشان می‌دهد که تغییر و دستکاری ناشیانه‌ی نحو زبان کردی، نسبت به وامگیری واژگانی آسیب‌زاتر است و زبان را به ورطه‌ی نابودی می‌کشاند.

**واژگان کلیدی:** زبان کردی؛ گویش مرکزی؛ غلط زبانی؛ ترجمه؛ ترجمه‌ی قرضی.

## ۱. پێشەکی

هەموو لە کاتی ئاخاوتن یا خوێندنەوەدا لانیکەم جارێک هەستمان بەوە کردووە یا بیستوومانە کە: «فلانکەس بە کوردی قسە دەکا یان فلانە دەق بە کوردی نووسراوە بەڵام زمانەکەی کوردی نییە و بۆنی نامۆیی لێدێ!» ئەگەر بە گوێرەی قسەی زمانەوانان، سەرەکیترین ئەرکی زمان، دروستکردنی پێوەندی و حاڵیبوونی مرۆڤ لە یەکتر بێ، ئەوا ئێستا ئێمەی کورد بە جۆرێک قسە دەکەین و دەنووسین کە لە جێی تێگەیاندنی مەبەست بە بەردەنگ، بیر لەوە دەکەینەوە چی‌گوتن شەرتە نەک چۆن‌گوتن! یا «لەفزی قەڵەم» یا «عەرزم فەرمووانە» دەدوێین و لە فکری ئەوەداین کە بەو ئاساییی قسەنەکردنە، خۆهەڵکێشین تا ئەم و ئەو تێبگەن جیاوازین و شتێکمان لە باراندایە و بێجگە لە کوردی، زمانێکی تریش دەزانین و ئەگەر بەردەنگ حاڵی

۱. گروه زبان و ادبیات فارسی، واحد بوکان، دانشگاه آزاد اسلامی، بوکان، ایران.
hossein.mikaeili@gmail.com

نەبووە چش! خەتای خۆیەتی کە وەک ئێمە سەوادی نییە! یا نا... ئەوە زەینمان بە وشە و داڕشتەی زمانێکی ناکوردی ئاخنراوە و وشە و ئیدیۆم و ڕستەی خۆماڵی لێنایەتە دەر و بۆخۆشمان ئاگادار نین. لە کۆڵان و بازاڕ و ماڵی کوردی ئەم سەرەدەمە، کوردییەک دەنووسین و دەیڵێین و دەیبیستین کە بۆنی نامۆیی لێدێ. ئەم کوردی‌نەبوون یا بۆنی زمانی بیانی لێهاتنە، باسێکی زمان‌ناسانەیە و لانیکەم بە سێ شێوەیە: یا وشەکانمان کوردی نین؛ یا شێوەی دەربڕین و گۆکردنی وشەکانمان کوردی نییە و یا پێکهاتەی ڕستەکان کوردی نین.

ڕاستە زمانی کوردییش لە ئاڵوگۆڕدایە و پێویستە زمانی ئەمڕۆمان لە زمانی دووسەد ساڵ لەومەوپێش نەچێ و جیاوازی هەبێ، بەڵام هەر گۆڕانێک لە زماندا پێویست و ئاسایی نییە. لە بارەی گۆڕان یا نەگۆڕانی زمانی کوردی دوو ڕای جیاواز و بگرە دژبەیەک لە ئارادایە و هەر بەرەیەک لەم دووڕێیانەدا، بە بەڵگە و هەڵوێست و پاساوی ژیرانە یا زانستیی خۆیانەوە هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن کە ڕێگای ئەوان ڕاستە: لە لایەکەوە بەتایبەت ویژەران و ئەدیبان، لایەنگری نەگۆڕانی زمان و خولیای کوردییەکی پەتی و پاراون و لە لایەکی ترەوە زمان‌ناسان دەڵێن بمانهەوێ و نەمانهەوێ، زمان بە تێپەڕبوونی زەمەن هێورهێور دەگۆڕدرێ و کەس نابێ و ناتوانێ پێشی بگرێ. هەروایێتەوە دەڵێن ئاخێوەری هیچ زمانێک ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە زمانەکەی وشەی بیانی تێنەهاتووە و بە پاراوبوونی لەسەداسەدی بنازێ. بە وتەی *مەسعوود محەمەد* گۆڕانی زمان، سروشتییە و نابێ بیگەڕێنینەوە بۆ ڕابردووی کۆنی خۆی (مەسعوود محەمەد، ١٩٧٣: ٦٢)؛ یا *زەبیحی* کە دەنووسێ: «زمان دیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتییە، بە پێی قانوونی خۆی دەگۆڕێ، گەشە دەکا و پەرە دەستێنێ و لەم ڕەوتی تەکامولەی خۆیدا زمانان کاری تێدەکەن و ئەویش کاریان تێدەکا و جاری‌واش هەڵدەکەوێ لەم ڕێگەیەدا دەمرێ» (زەبیحی، ١٤٠١: بیستوهەشت). بەم شێوە دەبینین کە ئەم کێشەیە بەهاسانی کۆتایی نایە و بەڕواڵەت هەق بە هەر دوو لایە! واتە پێویستە لە لایەکەوە تا دەکرێ بە زمانێکی پاراو قسە بکەین و بنووسین و لە لایەکی ترەوە ڕێگە لە گۆڕانی سروشتیی زمانەکەمان نەگرین تا زیاتر گەشە بکا و بۆ پێداویستییەکانی ژیانی سەردەم و داهاتوو بەکاربێ.

زمانی کوردییش وەک زمانانی تر بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی و پێوەندییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... لەگەڵ چەند زمانی دوور و نزیک دانوستانی بووە و دەبێ؛ پاراستنی زمان، بە مانای نەگۆڕانی نییە؛ گۆڕان، چارەنووسی هەر زمانێکە؛ مەرج ئەوەیە نەهێڵین بە لارەڕێدا بڕوا. لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا خێرایی هەموو گۆڕانەکان پتر لە ڕابردووە و زمانی کوردییش دیاردەیەکی ئاوارتە و لە بەڵا بەدوور نییە و بەداخەوە هیچ لەوە ناچێ ئەوەندە ساز و تەیار بین کە نەهێڵین زمانەکەمان لە ژێر بەرداشی زەماندا تەفروتوونا بێ.

### ١-١- پرس و گریمانە

پرس و کەڵکەڵەی سەرەکیی وتاری بەردەست ئەمەیە: شێوەکانی گۆڕانی ناوەستایانە و هەڵەکانی نووسین و قسەکردن بە موکریانی لە زاری ناوەندیی[١] زمانی کوردیی، لە ژێرکارتێکردنی زمانانی بیانیدا کامانەن و چەند جۆرن؟ هۆکارەکان چین و ڕێی دەربازبوون لەو هەڵانە چییە؟ گریمانەی نووسەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسی سەرکی ئەمەیە کە گۆڕانی ناسروشتیی زمانی کوردیی لەم سەردەمەدا، هەڵەڕێزمانییەکانی مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسییە و بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر وەدی هاتوون و لە زیادبوونن. ڕەنگە باسی ڕێزمان، ویشک و تاقەت‌پڕووکێن بێ، بەڵان زانینەکەی بە هەمان ڕادە پێویستە و هەروەک زمان‌ناسانی کورد گوتوویانە: «ئاشکرایە گرنگی و بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی زمان، بەر لە هەمووشتێک، ڕێزمانە، چونکە ڕێزمان ناوەڕۆک و کاکڵی زمانە» (حاجی‌مارف، ١٣٩٦: ١٦).

---

[١] . لەم وتارەدا لە جێی «کوردیی سۆرانی»، دەڵێین «کوردیی ناوەندی یان ناوەڕاست»؛ چون *سۆران* ناوی مەڵبەندێکی جوگرافیی کوردستانە و کەڵک‌وەرگرتن لەم وشەیە دەبێتە هۆی هەڵکێشانی سۆرانی بەسەر بنزارەکانی دیکەی ناوەندی کوردستان و وەپشت‌گوێ‌خستنی ئەوانی تر. *زەبیحی* لە لاپەڕەی سی‌وچواری پێشەکیی قامووسی زمانی کوردیدا نووسیویە: «لەهجەی ناوەندی [...] بە غەڵەتێکی مەشهور پێی دەڵێن لەهجەی سۆرانی، کە ئەوی ڕاست بێ سۆرانی بنلەهجەیەکی لەهجەی ناوەندییە. لەم مەڵبەندەدا ئەو بنلەهجانە هەن: موکریانی، سۆرانی، سلەیمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەڕووسی و... ».

**۱-۲- شێوازی توێژینەوە**

وتاری بەردەست، توێژینەوەیەکی چۆنێتی‌یانە[2]یە و بە شێوەی تیۆریک و وەسفی داڕێژراوە؛ هەروەها بە جێی پشتبەستن بە یەکێک لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانی زمانناسی، زیاتر جەخت کراوەتە سەر لایەنی فێرکاری ڕێزمانی. بۆ مژاری هەڵەزمانییەکانی کوردیی، سەرچاوەی زانستیی یەکجار کەمە و نموونەی هەڵەکان بێجگە لە کتێب و وتار، لە بیستن و دیتن و ئەزموونی هەڵەچنیی دەقی کوردیی نووسەرانڕا هاتووە. بە ئەنقەست، هەڵەکان بە گشتی باس کراون و وتە و نووسراوەی هیچ کەس یا هیچ کتێب و وتارێکی دیاریکراو وەک نموونەی هەڵەگوتن یا هەڵەنووسین، نەخراوەتە ڕوو. دیارە بەردەنگ و خوێنەری شێلگیر و شارەزا، بەشێک لەو هەڵانە دەناسێ وا لێرە هەوڵ دراوە پێناسە و دەستەبەندی بکرێن. ئامانجی نووسراوەکە ئەمەیە کە هەنگاوێک بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی قەیرانی هەڵە زمانییەکان هەڵبێنینەوە.

لە نێو بنزارەکانی زمانی کوردییدا، لێرە زیاتر جەخت کراوەتە سەر شێوەزاری موکریانی لە لقی ناوەندیی یا ناوەڕاست، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشێک لە ئێرانە و لە ئاخاوتن و نووسیندا پتر لە ژێر کاریگەریی زمانی فەرمیی فارسیدا بووە و لەم دواییانەشدا دیسان هەر لە ڕێی فارسییەوە، کارتێکردنی زمانی ئینگلیسیشی پێوە دیارە.

**۱-۳- پێشینەی توێژینەوە**

تا ئێستا سەرچاوە و بەرهەمی چاپکراوی کوردی لە بارەی دروستگوتن و دروستنووسین بە کوردی ـ کە بە شێوازێکی زانستی باسەکەی تاوتوێ کردبێ ـ زۆر کەم یا باشترە بڵێین لە ڕیزی نەبووانە. بڕیار وایە هەڵەزمانییەکان نیشان بدرێن کەوایە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی ئەم بابەتە ئەو کتێب و نامیلکانەن وا بە ناوی ڕێزمانی کوردی چاپ کراون. خەساری ڕێزماننووسیی کوردی و تەنانەت فارسییش تا ئەم دواییانە ئەوە بووە کە نووسەران هاتوون بە پێوانەی زمانی عەرەبی، ڕێزمانی خۆیان داڕشتووە و پۆلێنبەندییەکان و بگرە ناوی زاراوەکانی ڕێزمانیش هەر زیاتر لە سەرف و نەحوی عەرەبی وەرگیراون. هەروەها ئەوەندەی نووسەرانی ڕێزمان لەسەر مۆرفۆلۆژی و وشەڕۆناندا بە تێروتەسەلی نووسیویانە، نیوئەوەندەش لەسەر سینتاکسی زمانی کوردی نەڕۆیشتوون. زۆرتر باسی وشە و بیچم و لقەکانیان کردووە و نەپەرژاونەتە سەر ئاوڕدانەوەیەکی چڕوپڕ لە سینتاکس. باسی هەڵە ڕێزمانییەکانیش هەر زۆر بەدەگمەن دەستدەکەوێ. بەداخەوە تا ئێستا سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان بەرهەم نەهێناوە تا بەر پێی ئاخێوەران و نووسەران ڕووناک بکاتەوە.

لێرە و لەوێ هەندێک زمانناس و ڕۆشنبیر بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لەمەڕ پرسی خاوێن‌کردنەوەی زمان و خۆبواردن لە هەڵە زمانییەکان، لە نووسراوە و وتار و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە و بە گرینگیان زانیوە؛ وەک *هێمن موکریانی* لە وتارێک بە ناوی *ئەرکی بەیان لە هەڵوەرجی ئێستادا*[3] (هێمن، ۱۳۹۶: ۳۳۶ ـ ۳۲۸) و *عەبدوڵڵا پەشێو* کە هەر جارەو بە شێوازێک چ لە پێشەکیی کۆڕی شیعرخوێندنەوەکان و چ لە وتوویژ لەگەڵ میدیاکان و چ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەم بارەوە دواوە و تووڕەیی خۆی لە لێڵ‌کردنی کانیی زمان، دەربڕیوە. لەم دواییانەشدا *مەزهەر ئیبراهیمی* لە ژمارە ۱۵۹-گۆڤاری مەهاباد، بابەتێکی بە ناوی *پەتا زمانییەکانی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی سنە* بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا ئاماژەی بۆ هەندێک هەڵەی زمانی و ڕێزمانی کردووە؛ *ئیبراهیمی* لەم نووسراوەیەدا بێجگە لە پەتای وەرگرتنی بەلێشاوی وشەی فارسی و عەرەبی، باسی «گرفتی شێوەی داڕشتنی ڕستە و وشەسازی و دەربڕینی دەنگەکان بە پێی ڕێسا و ڕێزمانی فارسی» لە میدیاکانی فەرمی ناوەندی سنەش دەکا و چەند نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە؛ وەک: بەکارهێنانی "کەسرەی ئیزافەی فارسی" لە کوردیدا، وەپێش‌خستنی مۆرفیمی "دیکە"، بە هەڵە بەکارهێنانی نیشانەی ناسیاوی "ەکە" و... (ئیبراهیمی، ۱۳۹۳: ۹ ـ ۸). هەروەها *زانیار قادرزادە* لە کورتەیادداشتێکی بەنرخدا بە ناوی *سووکەئاوڕێک لە خەسارەکانی نووسین لە کوردیی نێوەڕاستدا*، دە نموونەی هەڵەبێژیی وشە و ڕستەی نووسین و گوتنی هێناوەتەوە و هەروەها شێوەی دروستنووسینەکەی نیشان داوە. (قادرزادە، ۱۳۹۹: ۴۵ ـ ۴۲) جیاوازیی و تازەیی وتاری بەردەست لەگەڵ نووسراوە و توێژینەوەکانی پێشوو لەوەدایە کە نووسەر ویستوویە چەشن و جۆرەکانی هەڵەی ڕێزمانی، دیاری و دەستەبەندی بکا و تا ڕادەیەک هۆکارەکانی شی‌بکاتەوە.

---

2 . Qualitative analysis

۳ . دەتوانین پوختەی ڕا و بۆچوونی هێمن لەبارەی وەرگێران و وەرگرتنی وشە و دەستەوشەی بیانی لەو وتارەدا بخوێنینەوە. بڕواننە بەشی سەرچاوەکان.

**٢. دەقی وتار**

هەر زمانێک، چوار پاژی گوێ‌گرتن، گوتن، خوێندن و نووسینی هەیە. مرۆڤ لە سەرەتاوە تا گەورەبوون و پێگەیشتن، بەرە بەرە لەم چوار قۆناغەی زماندا شارەزا دەبێ؛ واتە لە پێشدا بە گوێ‌گرتن، زمانەکە دەبیستێ؛ پاشان دەتوانێ وشە و ڕستەکان بڵێتەوە؛ کە شەش ساڵی تەمەنی تێپەراند ئینجا لە قوتابخانە فێری خوێندن و نووسینیش دەبێ. زمانناسان لە چەند ڕووەوە بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی زمانیان پۆلێنبەندی کردووە: «لێکسیکۆلۆژی [زانستی وشە] و فریزیۆلۆژی [زانستی زاراوەگەلی باو]؛ فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی[4] [دەنگ‌ناسیی]، نووسین و ڕێنووس؛ وشەڕۆنان و ڕێزمان [...]. مۆرفۆلۆژی[5] و سینتاکس[6] دوو بەشی گرنگ و هاوسەنگی ڕێزمانن؛ ڕێزمانیش ئەو زانستەیە کە لە پێکهاتنی وشە و ڕستە دەدوێت» (حاجی‌مارف، ١٣٩٦: ٨). بەم پۆلێنبەندییە، بابەتی وتارەکە، جگە لە ڕێنووس، تەواوی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی زمان دەگرێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر و ڕوونتر جەخت بکەینە سەر هەڵەڕێزمانییەکان، ناچارین بە شێوەیەکی سەرپێیی، بە سەر زۆر بابەتی ورد و کێشەداردا تێپەر بین و کورتی ببڕینەوە؛ کەواتە زیاتر لە وشەڕۆنان و ڕێزمان (کە بریتییە لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) دەدوێین و ئاوڕێکیش لە فۆنۆلۆژی دەدەینەوە کە دەکرێ ئەویش وەک بەشێکی تر لە هەمان ڕێزمان دابنێین.[7] مۆرفۆلۆژی یا «علم‌الصرف» کە لە کوردیدا بە «وشەسازی» دەناسین، باسی وشەیە لە ڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە. لە ڕوانگەیەکی ترەوە مۆرفۆلۆژی بۆخۆی دوو بەشی ڕۆنان و گەردان دەگرێتەوە. بەکورتی «مەبەست لە ڕۆنان، سەرجەم ئەو پرۆسانەیە کە بە یارمەتییان وشەی تازە ساز دەکرێت و مەبەست لە گەردانیش ئەو گۆڕانکارییانەیە کە وشەیەک لە نێو ڕستەدا بە خۆیەوە دەبینێت (سەجادی و ئیبراهیمی، ١٣٩٨: ٨٧). سینتاکس یا «علم‌النحو»یش لە کوردیدا بە «ڕستەسازی» وەگێڕدراوەتەوە و باسی یەکگرتنی وشەکان لە ئاخاوتن و ڕستەدایە. چونکە لە وشەسازیی و ڕستەسازییدا تەنیا باسی سازکردنی وشە یا ڕستە ناکرێ و ئەم دوو زاراوە، زۆر بابەتی تریش دەگرنەوە، ناچار لەمەودوا هەر لە وشەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس کەڵک وەردەگرین.

کە پرسی گۆڕانی ڕێزمانی دێتە گوڕێ، دەکرێ لایەنی لەبز (لفظ) و وشە، بە ڕووکەش یا سەرخانی زمان بشوبهێنین و بنەما و سینتاکسیش بە ژێرخانەکەی؛ بەم شێوە دەردەکەوێ کە لە باسی تێکچوونی ڕێزمان و هەڵەبێژییدا، تووشی قەیرانبوونی لایەنی سینتاکس، مەترسیدارترە، چون بناغە و ئەستۆندەکی زمانە و نابێ لە جێی خۆی بترازێ. بۆ زیاتر وردبوونەوە و پێناسەکردنی هەڵەزمانییەکان، باسەکە لە چەند کەرت و دەستەی خوارەوەدا درێژە پێدەدەین؛ لەپێشدا لایەن و شێوەکانی گۆڕانی ناسروشتیی ڕێزمانی کوردی دابەش و باس دەکرێن. لە ژێر هەرکام لە سەردێڕەکانیشدا هۆکارەکانی گۆڕانەکە ـ تا ئەو ڕادەیەی لە قەوارەی بەرتەسکی وتاردا دەگونجێ ـ بە کورتی شی کراوەتەوە و ڕێکارەکانی بەرگری لە هەڵەگوتن و هەڵەنووسینی ڕێزمانیی باس‌کراوە.

**٢-١- شێوەکانی گۆڕانی ڕێزمانی کوردی**

**٢-١-١- لایەنی مۆرفۆلۆژی**

**٢-١-١-١- پرسی وەرگرتن یا دەرهاویشتنی وشەی بیانی**

پێشتر باس کرا کە دەرەنجامی وەرنەگرتنی وشەی تازەی بیانی، تەنیا لاوازبوونی زمانە و هەموو زمانان وشەی دەرەکی وەردەگرن؛ بۆ وێنە کە چاپێکی تازەی فەرهەنگی وشەی *ئاکسفۆرد* هەڵدەدەینەوە، دەبینین زۆر وشەی تازەی تێدایە کە چاپەکانی پێشتر نەیگرتبوون؛ واتە زمانی ئینگلیسی بەردەوام وشە لە زمانەکانی ترەوە بەرەوخۆ ڕادەکێشێ و پێیان دەوڵەمەندتر دەبێ؛ پاراستن و پاراوکردنی زمان بە مانای ڕێگرتن لە هاتنەژووری وشەی بیانی نییە چون زمان وەک گیانلەبەرێک پێویستی بە خۆراکە و ئەگەر بێتو خواردنی تازەی پێنەگا و هەر بە سامانی خۆی قەناعەت بێنێ و وەک ئاو هەر لە جێی خۆی پەنگ‌بخواتەوە، وردە

4 . Phonology

5 .Morphology

6 .Syntax

٧ . *ئەوڕەحمانی حاجی‌مارف* لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەی سەرچاوەکەدا نووسیویە: «هەندێک لە زانایانی زمان، فۆنەتیک ـ لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی ئاخاوتن ـ یش بە بەشێک لە ڕێزمان دادەنێن، بەڵام زوربەی زمانناسان بە بەشێکی تایبەتی لە زانستی زمانی دەژمێرن و نایخەنە نێو ڕێزمانەوە».

ورده دەگنجێ، دەمرێ و لەبیردەچێتەوە. زمانی کوردییش وەک هەموو زمانێکی تر بۆ بەهێزتر و بەرفراوانترکردنی خۆی، وشە بیانییەکان وەردەگرێ و لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە. لاگری و ڕێگەبەستن هەڵەیە و وەک هێمن دەڵێ با ئێمەش وەرگرتنی وشە بۆ دەربڕینی مەبەست لە زمانی دەر و جیرانان بە شوورەیی نەزانین (هێمن، 1396: 325). هیچ کەس یا ڕێکخراوەیەکی فەرمیی و نافەرمییش ناتوانێ ڕێگە لە هاتنەژووری وشەی بیانی بگرێ و ئەوە خەڵک خۆیانن کە ئەگەر پێویستیان بوو وشەکان وەردەگرن و بڵاوی دەکەنەوە؛ بەڵام لەم بەشەدا مەترسیی گەورەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە خەڵک بەگشتی، بێ بیرکردنەوە لە هاوتای کوردیی وشەکە بەتایبەت لە کاتی ئاخاوتندا ڕێک وشە بیانییەکە (زۆرتر فارسی و ئینگلیسی) دەڵێنەوە و زۆریش بۆیان ئاساییە! هێنانەوەی نموونە و بەڵگە لازم نییە چون بێتو هەر ئێستا لە قسەکردنی خۆمان و کەسانی دەوروبەرمان بڕوانین تێدەگەین کە خەریکین بە وشەگەلی ناکوردی دەدوێین. وەرگرتنی وشەی بیانی، یاسا و ڕێسای خۆی هەیە؛ کە لەگەڵ وشەیەکی بیانی ڕووبەڕوو دەبینەوە و واتاکەی بۆمان تازە و نامۆیە، بۆ دەربڕینی ئەو واتا تازەیە لە زمانی خۆماندا سێ ڕێگەمان لەبەرە[۸]:

ڕێگای یەکەم: قەرزکردنی وشەی بیانی؛ وشە بیانییەکە وەک خۆی وەرگرین یا بە وردە دەسکارییەکی گۆکردن یا پیت‌گۆڕین، بیخەینە سەر سامانی زمانەکەمان. زۆر وشەمان لە کوردیدا هەیە کە بە درێژایی مێژوو لە زمانی گەلانی دوور و نزیک وەرمان‌گرتوون و لەمێژە بوونەتە بەشێک لە سامانی زمانەکەمان و ئەمێستا بێجگە لە زمان‌ناسان و ڕەچەڵەک‌ناسانی وشە[۹]، کەم‌کەس لە کوردی‌بوونیان دڕدۆنگە؛ وەک ئاڵتوون، باجی، بۆیاغ، تاقم، تەرخان، چەکمە، سۆبە، قاپ، قاچاغ، قازانج، قاورمە، قورقوشم، کەلەبچە، وەتاغ، یاسا و یەختە لە تورکییەوە؛ تام، مانا، مەفع، نەحلەت، کتێب، کلۆج، حەواڵە، عەیب، فەقێ، ماف و ماقووڵ لە عەرەبییەوە؛ ئیستیکان، بۆشکە، پووت، چۆرتکە، سەماوەر، زاکوون و کالیسکە لە ڕووسییەوە؛ ئالبۆم، بلووز، بلیت، بولوار، بۆمباران، بێنزین، پارتی، پارک، پاساژ، پۆتین، تابلۆ، شامپۆ، شانۆ، شۆفیر، شەمەندەفەڕ، کارت، کارتۆن، لامپ، لیتر، ماشێن، مانتۆ و هاڵ لە فەرانسییەوە؛ ئەتڵەس، پەرگار، تەلەفون، دەفتەر، قاڵب، قانوون، مۆسیقا و ناموس لە یۆنانییەوە؛ لەنتەر، کامپیوتێر و کتری لە ئینگلیسییەوە و هتد. لێرەدا پێویستە سەرنج بدەینە دوو خاڵی گرینگ؛ یەکەم: لە باسی ڕەچەڵەک‌ناسیی وشەدا دەبێ وریا بین کە ئەو وشە هاوواتایانەی بە جیاوازییەکی کەمی گۆکردن لە دوو یا چەند زماندا هەن، نابێ دەستبەجێ بە قەرزکردنی لێک‌بدەینەوە چون چەند هۆکاری تر لە گۆڕێدایە؛ بۆ وێنە ڕەنگە دانوستانێکی نادیار و لەبیرکراو لە ئارادا بێ یا بۆی هەیە ئەم هاوبەشییە بگەڕێتەوە بۆ خزمایەتیی کەونارای ئەو زمانانەی سەر بە بنەماڵەیەکی زمانیی گەورەترن؛ کەوایە ڕوون نییە لەپێشدا فڵان وشەی هاوبەش لە کام زماندا هەبووە و دواتر زمانێک یا زمانەکانی تر لەویان وەرگرتووە. بۆ وێنە ناکرێ بەڕاشکاوی بڵێین وشەکانی ئەسپۆن و ئەسپەناخ و پیاڵە لە کوردیدا و Sapōn و Spinākion و Piālēی یۆنانی پێشتر لە کامیەک لەم دوو زمانەدا هەبوون و ئەوی تر وەریگرتوون. دیارە زۆر وشە لە زمانی کوردییشەوە چۆتە نێو زمانانی تر.[۱۰] خاڵی دووهەم: هەندێک لەو وشە دەرەکییە هاوردەکراوانەی وا لەمێژە لە ئاخاوتن و بابەتە فۆلکلۆرەکانی کوردیدا (وەک گۆرانی و بەیت و حەیران و قسەی نەستەق و...) جێیان خۆش کردووە، بێجگە لەوەی ئاڵوگۆڕی گۆکردن و جێگۆڕکێی پیت و هتدیان بەسەردا هاتووە، ماناکەشیان گۆڕدراوە. بۆ وێنە وشەی «بخیل»ی عەرەبی، هەردوو گۆڕانکاریی گۆکردن و واتایی بەسەر هاتووە؛ واتە بۆتە «بەغیل» و زیاتر مانای بەئێرەیی دەدا تا ڕژد و چرووک.

لەم بەشەدا، هەڵە ئەوەیە کە بۆ زۆربەی وشە بیانییەکان هاوتای کوردییمان هەبووە و هەیە بەڵام دیسان ئەو وشە دەرەکییانەمان بە قەرز وەرگرتووە و وەردەگرین؛ هەڵبەت هەمیشە هێندێک وشە لە بوارگەلی پسپۆڕی و تێکنۆلۆژیدا هەن کە پێویستمان بە وەرگرتنی ڕاستەوخۆیان هەیە؛ چون چەمک و هاوتاکەیمان لە کوردیدا نییە و ناچار دەبین بە چەند وشە یا ڕستەیەک مەبەستەکە

---

۸ . ناوی سەردێڕەکانی ئەم پۆلێن‌بەندییە لە وتاری *گرده‌برداری در واژه‌سازی* وەرگیراوە. بڕواننە بەشی سەرچاوەکان.

9 . Etymologists

۱۰ . بۆ وێنە بڕواننە ئەو وشە کوردییانەی *هەژار* لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا دۆزیویەتەوە و لە وتاری *کورد و سەربەخۆیی زمان*دا ڕیزی کردوون. یا وتارەکەی *عەلائەدین سەجادی* بە ناوی *وشەی کوردی*. ئەو دوو وتارە هەرکیان لە بەرگی دووهەمی گۆڤاری *کۆڕی زانیاری*دا چاپ بوون.

بگەیێنین و ئەمەش هەمیشە نالوێ. هەڵبەت ئەم گرفتەش چارەسەرێکی تری دەوێ؛ دەکرێ بۆ هاوتادۆزینەوە، لە وشەگەلی زارەکانی تری زمانی کوردییش کەڵک وەرگرین و بێینە سەر ڕای هێمن کە هەرچەند بۆخۆی شێوەزاری موکری بۆ نووسین لە هەموو زاراوەکانی کوردی پێ باشترە، بەڵام دەمارگرژانە هەڵوێست ناگرێ و دەنووسێ: «لە شێوەی شار و نیشتمانی خۆماندا گیر نەخۆین؛ لە هەر شێوەیەکی کوردیدا وشەی جوانتر و سووکترمان وەپێش چاو هات هەڵیبژێرین» (هێمن، 1396: 335).

ڕێگای دووهەم: وشەڕۆنان یا دۆزینەوەی هاوواتا؛ لەم شێوەیەدا، وشە بیانییەکە بە کوردی مانا دەکەینەوە و وشە کوردییەکە، پێوەندی و وێکچوونێکی لەبزیی لەگەڵ وشە بیانییەکە نییە؛ بۆ وێنە بۆ وشەگەلی «جراحی» و «Emergency»، ئێمەی کورد «نەشتەرگەری» و «فریاکەوتن»مان داناوە. لە هەمبەر وشەی بیانیدا پێویست نییە هەمیشە وشەیەک دابتاشین؛ یەکێکی تر لە ڕێگاکانی بەرگری لە هاوردنی وشەی بیانی، پەرەپێدانی مانایە: «بۆ سازگاربوونی زمان لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمی نوێ، یەکێک لە باوترین شێوەکان، پەرەپێدان یا پەرەگرتنی مانای وشەکانە. لەم ڕەوت و پڕۆسەیەدا، وشەیەک بێجگە لە مانای پێشووی خۆی، هەڵگری یەک یا چەند مانای تازەش دەبێ. زۆربەی وشەکانی زمانی ئەمڕۆ ـ بەتایبەت کاتێک لەگەڵ یەک یا دوو وشەی تر، ڕێکەوەند یا پێکهاتەیەک دروست دەکەن ـ بێجگە لە مانای کۆنیان، مانای تازەشیان گرتووە. ئەم پەرەپێدانی مانایە تەنیا تایبەت بە نووسەران و بیرمەندان نییە و خەڵکی ئاساییش ئەم کارە دەکەن» (طباطبائی، 1387: 189).

ڕێگای سێهەم: «کالْک»ی وشەیی؛ پێش شیکردنەوەی ئەم سەردێڕە پێویستە زاراوەی «کالْک» پێناسە بکرێ: لە زمانەکانی تردا بۆ ئەو شێوە وەرگێڕانە قەرزییەی کە لەودا وشەگەلی خۆجێیی جێی وشەگەلی دەرەکی دەگرنەوە، ناوێکی تایبەت تەرخان کراوە؛ بۆ وێنە لە زمانی فەڕانسیدا بە «Calque»، لە زمانی ئینگلیسیدا بە «translation Loan» و لە زمانی فارسیدا بە «گردەبرداری/گرتەبرداری» ناودێر کراوە. ئەوەندەی نووسەری وتار وەدوای کەوتووە و ئاگادارە، فەرهەنگنووسانی کورد بۆ ئەم شێوە وەرگێڕانە، وشەی تازەیان پێشنیار نەکردووە و تەنیا بە کورتە وەسفێک باسی مانای چەمکەکەیان کردووە، یا پێناسەی سەرچاوەکانی فارسییان[11] دووپات کردۆتەوە؛ کالْک بە مانای وەرگێڕانی قەرزییە و دەکرێ لە زمانی کوردییشدا، چەند وشەی هاوتا وەدۆزین وەکوو: لێگرتنەوە، شۆپهەڵگری، لەبەرهەڵگرتنەوە، وەرگەڕاندن و... بەڵام هیچ کام لەمانە چەمکەکە ناگەیێنن؛ کەوایە بۆ ئەوەی بتوانین باسەکە درێژە پێبدەین ناچارین وشەیەک دیاری بکەین. تا دیتنەوەی وشە یا زاراوەیەکی لەبار و جێگر، جارێ وشەی «کالْک» لە فەڕانسییەوە قەرز دەکەین. یەکێک لە لقەکانی کالْک، وشەییە. لە کالْکی وشەییدا دێنین وشە یا دەستەوشە یا زاراوە بیانییەکە بە وەرگێڕانی لەبز بە لەبز دەکەینە کوردی. یا دەکرێ بڵێین: «لە جێی تاکواژ[12]ەکانی زمانی بیانی، تاکواژەکانی زمانی خۆماڵی دادەنێین» (Lehman, 1962: 216.). ئەم شێوەیە بۆ سازکردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو زۆر بەکەڵک و پێویستە و گەلێک وشە و چەمکی نوێ لەم ڕێگایەوە لە زمانی وەرگردا بەدی دێن؛ هەڵبەت بە دوو مەرج: «نەناسراو و نامۆ نەبێ و زمان دەوڵەمەندتر بکا» (سمیعی گیلانی، ١٣٩٦: ٢٦).

نووسەران و بیرمەندانی ئێمە لەمەڕ وەرگرتن یا دەرکردنی وشەی بیانی، ڕا و بۆچوونی تایبەت و جیاوازیان هەبووە؛ بۆ نموونە لە لایەکەوە نووسەرێکی وەک *عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان* پێی‌وابوو ئەوی کوردی نەبێ، تەنانەت ئەگەر لە دەقی تۆمارکراوی بەیت و حەیران و هەقایەتی فۆلکلۆریشدا هاتبێ، بۆ تووڕهەڵدان باشە و دەبێ کوردییەکەی لە جێ دابنێین؛ دەزانین وەها بۆچوونێک هەڵەیە؛ لە لایەکی ترەوە بۆ وێنە کەسێک وەک هێمن ـ کە دەزانین دژی پاراو و خاوێنکردنەوەی زمانی کوردی نەبووە ـ دەڵێ نابێ کارمان بەو وشە بیانییانە بێ وا سەدان ساڵە کوردێندراون و جێی خۆیان گرتووە و تازە بوونەتە مڵکی

١١ . «گرتەبرداری» لە زمانی فارسیدا زاراوەیەکی کۆنە بەڵام یەکەمجار لە فەرهەنگی «نجفی»دا بە «ترجمەی قرضی» مانا کراوەتەوە (فروزندەفرد، ١٤٠١: ١٤).

12 . Morpheme

کورد. دەنووسیٚ ئێمە وشەی باو و جێکەوتووی وەک کتێب و قەڵەم و دەفتەرمان هەیە و ئیتر وشەگەلی داتاشراو و هەڵەی وەک پەڕتووک و پێنووس و تێنووس و لێنووس ـ مان ناویٚ چون ئەمانە دەبنە هۆی سەرلێشێواوی و لێک‌حاڵی‌نەبوونی زیاتر (هێمن، 1396: ٣٣٦ ـ ٣٢٨)؛ هەروەها *هەژاریش* لە وتارێک بە ناوی *کورد و سەربەخۆیی زمان*دا بەگژ نووسەرانی تازەپێداکەوتوودا دەچیٚ و پێی‌وایە نابیٚ لە دانانی وشەی پەتیی کوردیدا زێدەڕۆیی بکریٚ (هەژار: ١٩٧٤: ٢٨٥ ـ ٢٨٣).

بە ڕای نووسەر، هەرچەند ڕوانینی *هێمن* لە چاو *ئەیووبیان*، زانستی‌ترە، بەڵام تەواو جێگر نییە؛ لەبەرئەوەی کە ڕەنگە زۆربەمان لەبەر خۆشویستنی هێمن، وا بیر بکەینەوە کە لەمەودواش دەبیٚ هەر لەسەر ئەم ڕێچەیە بڕۆین و هەر وشەیەکی بیانی هاتە نێو زمانەکەمانەوە دەبیٚ وازی لێبێنین چونکە ئاخری هەر پێی ڕادێین و ناشیٚ سەر لە خۆمان بشێوێنین! ئەم هەڵوێستە، نادروست و مەترسیدارە چون ڕێخۆشکەری کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتیی زمانە و بەرەکانی دواڕۆژ چی وایان لە هەمبانەی وشەی کوردی بۆ نامێنێتەوە. ڕاستە ئایین و دەسەڵات و خوێندن و... دەتوانن وشەگەلی تایبەتیی خۆیان لە هەر کۆمەڵگایەکی زمانیدا وە برەو بخەن بەڵام ئەگەر زانایان و پێشینانی سەوادداری کوردیش کۆڵیان نەدابا و بۆ لانی‌کەم نیوەی ئەو وشە ناکوردییانەی وا ئەمڕۆ جێیان خۆش کردووە، هاوتای کوردییان دانابایە، ئەمڕۆ بە زمانێکی پاراوتر قسەمان دەکرد. لە ئاکامدا باشترە پشتیوانی بۆچوونی کەسانێک وەک *کامیل بەسیر* بین کە پێیان‌وایە هەر وشەیەک لە سروشت و دەروون و نەریتی زمانی نەتەوەی خۆیەوە دەگوویٚ و مانای تەواوی لە نێو ئەواندا دەبیٚ و کاتێک وشەکە دەگوازرێتەوە بۆ زمانیکی تر، لەگەڵ سروشت و دەروون و نەریتی خانەخوێی تازە و جیاواز، ناگونجیٚ و ئامانجی چەمکی خوازراو لە زمانی وەرگردا ناپێکیٚ (کامیل بەسیر، ١٩٧٤: ٧٦٥ ـ ٧٥١). کەوابوو پێویستە لەباتیی وشەی وەرگیراو لەم و لەو، هاوتای پڕبەپێستی[١٣] خۆماڵی دابنێین؛ هەڵبەت ئەم وشەدانان و ڕۆنان و داتاشینە کارێکی ڕەمەکی یان تاکەکەسی نییە و لیژنەی زانستیی دەویٚ. لە هەموو وڵاتێک ڕێکخراوەیەک بۆ کاروباری زمان هەیە و لە کوردستانیش *کۆڕی زانیاریی کورد* کە ساڵی ١٩٧١وە دەست بە کار بووە و هەر لە سەرەتاوە بێجگە لە تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی نووسینی یەکگرتووی کوردی «هەڵبژاردن و داڕشتن و داتاشینی زاراو [...] بە پەیڕەویی مەرجەکانی زانستی نویٚ و کەڵک‌وەرگرتن لە تەجروبەی گەلان و زمانانی تر»ی بە یەکێک لە ئەرک و کارەکانی خۆیٚ ئەژماردووە (کەماڵ مەزهەر، ١٩٧٣: ٣٢٦). بە وشەڕۆنان، دەکریٚ وشە بیانییەکان لە کوردیدا کەم بکەینەوە؛ بەو مەرجەی پسپۆڕانی زمان ئەرکی بژار و پاڵاوتنەکە وەئەستۆ بگرن. بەداخەوە ئەو قسەیەی *هەژار* نزیک پەنجا ساڵ لەمەوپێش گوتوویە ئێستاش هەر تازەیە: «زمانەکەمان لە سایەی لەسەر وەجوابنەهاتنی خاوەنکاران خەریکی ئاویلکەدانە» (هەژار، ١٩٧٤: ٢٨٥).

**٢-١-١-٢- وەرگرتنی شێوەی بیانیی لەبز و گۆکردنی وشەکان**

هۆکارێکی تری نامۆبوونی زمانی کوردیی ئەمڕۆ، خزمایەتیی و نزیکیی زمانی کوردیی و زمانی فارسییە کە هەردووکیان وێڕای جیاوازییەکان لە خێزانەزمانی *هیند و ئێرانیی*ن (مینۆرسکی، ١٩٧٣: ٥٦٥) و ئەم خێزانەش خۆی لە بنەماڵەی زمانانی *هیند و ئورووپایی*ە (زەبیحی، ١٤٠١: بیستوحەوت). فارسی لە ئێراندا زمانی نەتەوەیی و سەردەستە و مەترسیی بەرەو ناکوردیی‌چوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاترە تا پاژەکانی تری؛ چون خوێندن و قسەکردن و گۆرانی‌گوێدان و فیلم و کارتۆن دیتن و... بە فارسی باوە و خەڵک زۆرجار کەڵک‌وەرگرتن لە وشە و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و هتدی فارسی بە کارێکی سروشتی دادەنێن. بەم‌جۆرە لە قسە و نووسراوەی زۆرینەی ئاخێوەران و نووسەرانی موکری (لە زاری ناوەندیی ڕۆژهەڵات)دا وشە و پێکهاتە و ئیدیۆمی لەفارسی‌وەرگیراو هەیە و ئەگەر لە باشووری کوردستان (بۆ وێنە لە *سلەیمانی*) لێی تێنەگەن، هەقیانە و هیچ سەیر نییە چون کوردییەکەمان بۆنی فارسیی لێدیٚ؛ هەروەتر وتە و نووسراوەکانی هەندێک لە کوردانی باشوور لە دوورەوە هاوار دەکا لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبییدان و کوردی ڕۆژهەڵات سەرەدەری لێناکەن، چون تامی عەرەبیی هەیە.

---

[١٣] . دیارە ئاوەڵناوی «پڕبەپێست» جێی باس و ڕەخنەیە و تەنانەت لە یەک زمانیشدا ناتوانین دوو وشەی تەواو «هاوواتا» ببینینەوە بەڵام ئەم باسە لێرە ناگونجیٚ و وتار و تەنانەت کتێبێکی سەربەخۆی دەویٚ.

سەرەڕای ئەم دەردە، وشەی هاوبەش و وێکچووی زۆرمان لە کوردی و فارسیدا هەن و ئەم هاوبەشییە وای کردووە ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ڕابردوو، بیر لە جیاوازیی گۆکردنی وشەکە لەم دوو زمانەدا نەکەینەوە. لە هەندێک وشەدا جیاوازیی بزوێنەکان لە نێوان دوو وشەی هاوشێوەدا، جیاوازیی ماناییش دروست دەکا. زمانەوانان دەڵێن لە سیستمی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا بۆ وێنە دوو بزوێنی «وو» و «ی» هەرکام نرخی خۆیان هەیە و مانای وشە دەگۆڕن. هەروەها خەریکە لە هەندێک وشەی تردا جێگۆڕکێ یا زیاد و کەم کردنی پیتە نەبزوێنەکان ئاسایی دەبێتەوە و ئەم کارەش ڕێک بە زەرەری کوردی و بە قازانجی فارسی تەواو دەبێ؛ چون کوردە وشەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوە و دواتر تەنیا فارسییەکەی دەزانێ؛ بۆ وێنە ئێمەی کورد تا چەند ساڵ لەمەوبەر دەمانگوت و دەماننووسی «پەسند»، «پایز»، «ڕۆژنامە»، «سەوزی»، «شووشە»، «کلیل»، «مامان»، «مرواری»، «مۆم، مێو»، «هەیوان»؛ بەڵام لە ژێر کاریگەریی سێبەری قورسی فارسیدا شێوەی گۆکردنی خۆمان لەبیرچۆتەوە و بە کوردییەکی فارسیاوی دەڵێین یا تەنانەت فارسییانە دەنووسین: «پەسەند»، «پاییز»، «ڕۆزنامە»، «سەبزی»، «شیشە»، «کلید»، «ماما»، «مورواريد»، «مووم»، «ئەیوان». هەڵبەت ئێستا لەمەش تێپەڕیوین و بۆ وێنە لەباتیی موومی فارسی، وەک ئینگلیسییەکان دەڵێین «مام»!

هەروەها ئەوەشمان لەبیر بێ کە گەلێک وشەی بیانی (زیاتر ناوی تایبەتی شوێن و کەسان)مان بە نێونجیگەریی زمانەکانی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە نەک ئەوەی ڕاستەوخۆ وەرمان‌گرتبێ. کاتێکیش ئێستا دەمانەوێ ڕاستەوخۆ لە خودی زمانەکەوە بیکەینە کوردیی، دەبینین بە کوردی گوتن و گۆکردنی تەواو جیاواز و نامۆیە؛ چون زەینمان، زیاتر بە فارسی یا عەرەبییەکەی ڕاهاتووە.

**٢-٢- لایەنی سینتاکس**

وەک لەمەودوا دەیخوێنینەوە و دەیبینین، زیاتری هەڵە ڕێزمانییەکان، لە سینتاکسدایە. ئەگەرچی بەشی مۆرفۆلۆژی و وشەڕۆنان گرینگە بەڵام بە گەشبینییەوە دەکرێ بڵێین کاری پاک‌کردنەوەی زمانی کوردی لە وشەگەلی بیانی ـ کە هاوتای کوردییان هەبووە یا دەکرێ هەیبێ، بەڵام وە پشت گوێمان داوە ـ بە بەرنامەیەکی دە تا بیست ساڵەی مشوورخۆرانە سەر دەگرێ؛ بەڵام لە بواری سینتاکسدا هیچ هیوایەک نییە. گەر بێتو سینتاکسی زمانی کوردی بگۆڕدرێ، تازە بە هیچ کلۆجێک چاک نابێتەوە و زمانەکە دەفەوتێ و تەواو؛ چون کوردییش وەک هەر زمانێکی تر، پێکهاتە و داڕشتە و سینتاکسی تایبەتی خۆی هەیە و شێواندنەکەی بە مانای لەناوبردنێتی. نموونەیەک لە تایبەتمەندیی سینتاکسی لە کوردی و زمانانی تردا: بە پێی سینتاکسی کوردی، لە دۆخی ئاساییدا، کردار لە کۆتایی ڕستەوە دێ، کەچی لە عەرەبیدا پێچەوانەیە و ڕستە بە کردار دەست‌پێدەکا یان لە ئینگلیسیدا کردار، لە پاژی دووهەمی ڕستەدا دێ. لێرەدا خاڵی گرنگ و شایانی باس ئەمەیە کە لە ڕێزماندا، هەڵەی مۆرفۆلۆژیک لە چاو هەڵەی سینتاکسی، ئاشکراتر و بەرچاوترە. ئەم مەترسییە واتە نهێنی و شاراوەتربوونی هەڵەی سینتاکسی بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت نووسەرانی لێهاتووشمان زۆرجار کەوتوونە داوی و بۆخۆشیان ئاگایان لە هەڵەکە نەبووە.

وەرگێڕان یا گێڕگردنی سینتاکسی کوردی؟: هەزاران ساڵە کۆمەڵانی مرۆڤ بە دانوستان و ئاڵوگۆڕکردنی زانست، ڕێی پێشکەوتنیان بۆ خۆیان خۆش کردووە؛ هەر کومەڵگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی باشتر ئەزموونەکانی کومەڵگاکانی تری گواستۆتەوە و لە کاری کردوون. ٢٢٠٠ ساڵە وەرگێڕان لە خزمەت ئەم ئەرکەدایە (صفارزادە، ١٣٨٤: ١). وەرگێڕان بریتییە لە «ئافراندنەوەی نزیک‌ترین هاوتای سروشتی پەیامی زمانی دەرەکی لە زمانی خۆجێییدا، هەم لە باری مانا و هەم لە باری شێوازەوە» (Nida, 1964: 11). وەرگێڕان، پردی پێوەندی و هاوبەشی کولتووریی و کەرەستەی دانوستانی بیر و خواست و هونەری نێوان هەموو ئەو مروڤانەیە وا هەر یەکەو بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن. وەرگێڕان مەرجی ئاشنابوون بە زانست و کولتووری وڵاتان و زمانانی ترە؛ بەڵام تەنیا وەرگێڕانی دروست و بێ گرێ، پاڵپشتی زانست و پێشکەوتنە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شێواویی زمانی زارەکی و نووسراوەی کوردی وەرگێڕدراوی ئەمڕۆ، کەمتەرخەمی و کارنەزانی ئەو وەرگێڕە کەمئەزموونانەیە کە

بە شێوەی وەرگێڕانی قەرزی[14] کار دەکەن و بێ‌ئەوەی کوردی بزانن، زۆر ڕەمەکی و تەنیا بە پشتگەرمیی زانینی زمانێکی بیانی بە هەڵەداوان سەرقاڵی وەرگێڕانی نووسراوە و فیلم و و هتدی بیانیین. بە قەولی *هەژار*: «کوردیی تازە لە سایەی مامۆستای تازەی کوردی‌تاشی عەرەبی‌زان [و لە ڕۆژهەلاتیش فارسی‌زان] بە چۆن مەرەدێک براوە» (هەژار، ۱۹۷٤: ۲۸٤). هۆیەکی تر، پێک‌نەهاتنی بزووتنەوەیەکی بەردەوام و شێلگیرە کە بتوانێ وەرگێڕانی بەهێز و پسپۆڕ پەروەردە بکا و ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان بنەما زانستییەکانی کاری وەرگێڕان فێری لاوان بکەن[15].

لە وەرگێڕانی وتە یا دەقێک لە زمانی دەرەکییەوە بۆ زمانی وەرگر، چەند شێوە هەیە و دیارە هیچیان باشتر یان خراپ‌تر لەوانی دی نین و وەرگێڕی بەئەزموون، هەرکامیان بۆ دەقێک و مەبەستێک ڕەچاو دەکا: وەرگێڕانی وشە بە وشە[16] ـ کە بە پێی ناوەکەی، یەکە(واحد)ی وەرگێڕان، وشەیە نەک ڕستە و پاڕاگڕاف ـ شێوەیەکی شیاوی وەرگێڕانە و لەمێژە کاری پێ کراوە و ئێستاش لە برەو نەکەوتووە ـ کتێبە پیرۆزەکان (وەک *قورئان*، *ئینجیل* و *تەورات*) بەم شێوەیە وەردەگێڕنەوە چونکە وەرگێڕ لەسەرێتی دەقێکی متمانەپێ‌کراو بەدەستەوە بدا و بۆی نییە تووشی تەفسیر و ئاوێتەکردنی ڕا و بۆچوونی خۆی بێ. لەم شێوە وەرگێڕانەدا ئەگەر دوو زمانەکە سەر بە کولتوورێکی هاوشێوە نەبن کێشە ساز دەبێ و پێویستە خۆی لێ‌ببوێرین (Gracés, 1994: 81)؛ لە وەرگێڕانی واتایی و ئازاد[17]دا پێویستە وەرگێڕ لەپێشدا بەوردی لە ڕستە یا پاڕاگڕافەکە تێبگا، ئینجا بێ و بە زمانی خۆماڵی دایڕێژێتەوە. بێجگە لەو پۆلێن‌بەندییە کۆنەی شێوەکانی وەرگێڕان، دەستەبەندیی تازەش لە گۆڕێدایە؛ بۆ وێنە *پیتێر نیوومارک*[18]، دوو جۆر وەرگێڕان لێک جیا دەکاتەوە: یەکیان وەرگێڕانی ڕاگەیاندنیی[19] یا ڕووەوداهاتوو[20]ە؛ لەم شێوەیەدا وەرگێڕ، خوێنەری بۆ گرینگ‌ترە و دەقێکی هاسان و ڕەوانی دەخاتە بەر دەست. دووهەمیان وەرگێڕانی مانایی[21] یا ڕابردوویانە[22]یە؛ لەم شێوەیەدا وەرگێڕ، بۆ دەربڕینی بێ‌کەم‌وزیادی مەبەستی نووسەر تێدەکۆشێ (وەرگیراو لە: عقیلی‌آشتیانی، ۱۳۸۸: ۸).

لە هەر شێوەیەکی وەرگێڕاندا ڕادەست‌کردنی ئەمانەتدارانەی زمان و مەبەست، ئەرکی وەرگێڕی شارەزایە. وەرگێڕان هونەرە و وەک هەنگاوهەڵێنانەوە بەسەر هەودایەکی باریکدا وایە؛ زەوق و بەهرەی ڕسکاو لە ئەزموونی چەندساڵەی دەوێ؛ کوردگوتەنی: کەس لە پڕێ نەبۆتە کوڕێ! دۆزینەوە و دانانی وشەی گونجاوی خۆماڵی لە جێی وشەی بیانی، کارێکی ورد و ئەستەمە بەڵام کاری وەرگێڕی کارامە تەنیا بەمە کۆتایی نایە و تێگەیشتن و دیتنەوەی هاوواتا و بەرابەری ڕێزمانیی و زاراوە و ئیدیۆمەکان و تەنانەت هاوسەنگیی چۆنیەتیی دەنگ و دەربڕینی زایەڵە جۆراوجۆرەکانی قسە یا ڕاوێژیشی لەسەر شانە. وەرگێڕی لێهاتوو لە لایەکەوە بەسەر هەر دوو زمانی کوردی و زمانە بیانییەکەدا زاڵە و دەتوانێ بێجگە لە دیتنەوەی وشە و دەستەوشەی هاوسەنگ، لە جێی درکە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و... هاوتای کوردی دابنێ و بەم جۆرە دەقێک بنووسێتەوە کە بۆنی زمانە بێگانەکەی لێسڕدراوەتەوە؛ لە لایەکی تریشەوە چون بۆ هەموو دەقەکان ناکرێ یەک شێوازی وەرگێڕان بە کار بێنێ، بە وریاییەوە شێوازی شیاو هەڵدەبژێرێ. هەر دەقێک بابەت و مژارێکی هەیە و بەتایبەت وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لەوانی تر دژوارترە؛ زۆرجار کێشەکە لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبییەوە هەڵقوڵاوە و لایەنەکانی تری تەنیوەتەوە.

---

14 . Loan translation

۱۵ . لە نێو فارسەکاندا ئەم کارە لەمێژە باوە و تەنانەت چەند گۆڤاریشیان تەنیا بۆ باسی وەرگێڕان تەرخان کردووە؛ بۆ وێنە گۆڤاری «مترجم» بە درێژایی سی ساڵ، تا ئێستا ٧٣ ژمارەی چاپ کراوە.

16 . Literal translation

17 . Free translation

18 . Peter Newmark

19 . Communicative

20 . Prospective

21. Semantic

22 . Retrospective

دەزانین کە زۆر وشە لە زماندا (جا هەر زمانێک بێ) هەن کە دوو، سێ یا جاری وایە پتر لە دە مانایان هەیە؛ هەروەها دەزانین کە ڕەنگە هیچ دوو وشەیەک (تەنانەت لە وشەکانی یەک زمانیشدا) ڕێک، هاوواتای یەکتر نین. هەر وشەیەک مانا و ڕەنگ و بۆن و کێشی تایبەتی هەیە و تەنانەت چەند مانابیە و لە نووسین یا وەرگێڕاندا ناکرێ بەتەواوی، هەمبەری وشەیەکی هاوشێوەی خۆی بێ. لە فەرهەنگەکاندا بۆ زۆرینەی وشەکان، چەند وشەی هاوتا و هەمبەر دەنووسرێ؛ کەچی وەرگێڕ یا خوێندەواری ناشارەزا، جیاوازییەکانی واتایی و کردەیی[23] دوو وشەی بەڕواڵەت هاوشێوە نازانێ؛ هەروەها ئاگادار نییە کە وشەکان مانایەکی نەگۆڕیان نییە و واتای ورد و باریکی هەر وشەیەک لە ڕستە و دەقدا ڕوون دەبێتەوە و هەمیشە ناکرێ بە جێی وشەیەک فڵان وشەی هاوتا لە ڕستەکەدا بگونجێ.

ئەرکێکی تری وەرگێڕ ئەمەیە کە جگە لە ناسینی تەواوی هەر دوو زمانەکە ئاگاداری تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی هەر دوو زمانەکەش بێ. وشە و دەستەوشە و ڕستە و پێکهاتەی هەر زمانێک لە زمانانی تر جیاوازە و لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی و دەروونی و مێژوویی و داب و نەریتی ئەو گەلە زمانییەوە سەرچاوەی گرتووە و کاتێک قەرارە بە وەرگێڕان بگوازرێتەوە بۆ زمانێکی تر، دەبێ لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییە کولتووری و زمانییەکانی خانەخوێدا، بگونجێ. یەک دوو نموونە لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان باسەکە ڕوونتر دەکاتەوە: لە کوردیدا زاراوەی «ئاور کوژاندنەوە»مان هەیە کە پیرۆزبوونی ئاگر دەنوێنێ و بەدیهاتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی برەوی ئایینی زەردەشتی؛ واتە ئاگر ئەوەندە پیرۆز بووە کە دامرکاندنەکەی بە کوشتن لێکدراوەتەوە. دواتر ئەم کرداری کوژاندنەوەیە بۆ چرا و هەر جۆرە ڕووناکاییەک تەشەنای کرد و تەنانەت لە زمانی ئەمڕۆشدا زیندووە و بۆ خامۆشکردنی لامپ و و تلووزێن و کامپیوتێڕیش هەر وا دەڵێین. نموونەیەکی تر زاراوەی درکەیی «چای پاسەوان یا ژاندارم دیتوو»ە کە بە مانای چای زەرد و بێتامە، ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی کۆمەڵگایەکدا گووراوە کە بە درێژایی مێژووی خۆی، تەنیا دیتنی پۆلیس و ژەندەرمە و پاسەوانی دەسەڵاتداران بەس بووە بۆ ئەوەی ڕەنگی ڕوخساری خەڵک لە ترسان زەرد هەڵگەڕێ. دەی ئەگەر وەرگێڕێک بۆ وێنە بیهەوێ دەقێکی کوردی بەم زاراوانەوە بکاتە ئینگلیسی، دیارە بەردەنگێکی ئاسایی ئەو زمانە، لەم تەعبیرە کوردییانە تێناگا؛ چون لە کولتووری ئەودا نە ئاگر، دەکوژرێ و نە پۆلیس، ترسێنەرە. پێچەوانەکەشی دروستە؛ واتە ئێمەی کورد کە دەقی بیانی وەردەگێڕینە سەر کوردی، دەبێ ئاگاداری ئەمجۆرە زاراوانە بین و هاوتای خۆماڵی بۆ دانێین. *مەک گوایر* دەڵێ: «چون زمان، ئاوێنە و پێشاندەری فەرهەنگە، پێویستە هەوڵی وەرگێڕیش، زیاترناسینی دوو فەرهەنگەکە بێ، نەک دوو زمانەکە» (McGuire. 1991: 83).

لایەنێکی تری ئەمانەتداریی وەرگێڕان، وریایی لە پاراستنی ڕێزمانی خۆماڵییە. دەزانین ڕاوێژ و سینتاکسی کوردی، تایبەتە و لە زمانانی تر جیاوازە. ئەگەر بۆ وێنە دێین لە عەرەبی، ئینگلیسی یا هەر زمانێکەوە دەقێک دەکەینە کوردی، دەبێ شوێنی وشەکان لە ڕێکەوەند و پێکهاتە و ڕستەدا بە پێی زمانی کوردی دابڕێژینەوە نەک زمانە بیانییەکە. بۆ وێنە لە وەرگێڕان بۆ کوردی، وا باشترە نیشانەکانی نەناسیاویی زمانی دەرەکی، وەک لە ئینگلیسیدا «an / a»، لە دەقە کوردییەکەدا نەیەن چون زۆر جار بوونی ئەم وشانە، کوردیینەبوونی دەقەکە لە قاو دەدەن. ئەم بابەتە لە کاتی وەرگێڕان لە فارسی بۆ کوردی زۆر دژوارترە چون بێتو وەرگێڕی کورد نەیزانێ و وای دابنێ کە خزمایەتیی ئەم دوو زمانە بە مانای وێکچوونی درکە و دەستەوشە و جێی تایبەتی وشەکان لە ڕستەدایە، ئیتر خۆی پێوە ماندوو ناکا و لە ئاکامدا دەقێکی نامۆ بە دەستەوە دەدا. کێشە لەوەدایە کە بەشی هەرەزۆری ئەو نووسراوانەی ئێستا دەکرێنە کوردی، بە دەستی کەسانێک بەرهەم دێن کە ڕەنگە لە زمانە بیانییەکەدا کێشەیان نەبێ بەڵام زمانەکەی خۆیان باش ناناسن و وشە و ڕێزمانی بیانی بەسەر زەینیاندا زاڵە و بە لەز و هەڵپە، دەقەکە بە زەبری فەرهەنگی وشە و بە شێوەی قەرزی و سەقەت دەکەنە کوردی. ئەمانە ئەگەر بۆ وشەی کوردییش دانەمێنن، چون نووسراوەکەیان لەسەر ڕێزمانی بیانی داڕێژراوە، خوێنەر هەست بە بێگانەبوونی زمانەکەیان دەکات.

---

[23] . Pragmatic

لە وەرگێڕاندا، بەردەوام ترسی گۆڕانی زمانی خۆماڵیی هەیە و ترسەکەش ڕاستەوخۆ و پتر، ترسی تێکڤرمان و تێداچوونی سینتاکس و پێکهاتەی زمانی وەرگرە. خاڵێکی تر، ڕاهاتنی زەینی بێژەر و نووسەری کورد بە سینتاکسی فارسی یا عەرەبی یا ئینگلیسییە و ئەم خووگرتنە تەنانەت لەو شوێنانەی وەرگێڕانیش لە گۆڕێدا نییە، وتە یا نووسراوەی دەستکرد و سەیر و سەمەرەی لێدەکەوێتەوە کە لەسەر شێوە داڕشتەی زمانێکی ناکوردی گووراوە. هەروەها ڕاهاتنی زەینی نووسەرانی کورد بەو هەڵانەی وا لە هەموو زمانێکدا بە هەڵەی گوتن و نووسین دەژمێردرێن داخێکی دیکەیە؛ وەک ئەو ڕستانەی بەم شێوەن: «ئایا چلۆن دەتوانین کە...؟» لەم ڕستەیەدا «ئایا» و «چلۆن» دوو وشەی پرسیارییین و نابێ لە یەک ڕستەدا پێکەوە بێن. نموونەیەکی تر: «پەس کەوایە دەبێ... .» لەم ڕستەیەشدا پێکەوەهاتنی دوو وشەی هاوواتا هەڵەیە.

کاڵکی داڕشتەیی و سینتاکسی: پێشتر باسی ئەوە کرا کە کاڵکی وشەیی یا هەمان شێوەی وەرگێڕانی قەرزیی لە سازکردنی هاوتای خۆماڵی بۆ وەدیهێنانی وشەی نوێ پێویست و ڕێپێدراوە بەڵام وەرگێڕانی قەرزیی ڕستە بە پێی سینتاکسی زمانی دەرەکی و هەروەها لاساکردنەوەی لەبزیی ئێدیۆم و و مەسەل و پەند و تووکونزا و و نێوونرتکە و جوێن و سوێند و دوعا لە زمانانی بیانی هەڵەیە و ئاکامەکەی ئاڵۆزی و بشێوی و تەنانەت تێداچوونی زمانی خۆماڵییە چون ئەم کارە دژایەتی لەگەڵ ڕۆح و سرشتی زمانی خۆجێییە. کاڵکی سینتاکسی، دەقێکی میکانیکی و دەستکرد بەرهەم دێنێ کە تەنیا وشەکان و ئێسکەپەیکەرەکەی کوردییە و ڕۆحی زمانەکەی تێدا ونە. نەخوێندەوارانی زمانپاک، لەو ئیدیۆم و ڕستە ناجۆرانەی بەم شێوە لە زمان و قەڵەمی بە ناو خوێندەوارەکانمان دێنە دەر، حاڵێ نابن و گاڵتەی پێدەکەن؛ چون تەنانەت ئەگەر هەموو وشەکانی کوردی بن، هیچ پێوەندییەکی بە زمانی پاراو و ڕەسەنەوە نییە.

تووشی کاڵکی سینتاکسیبوون لە زمانی کوردیدا تەنیا ئی وەرگێڕانی هەڵە نییە و دەکرێ دەیان و بگرە سەدان هۆکاری ورد و درشتی بۆ بژمێرین؛ بەڵام چەند هۆکاری تری بەرچاو ئەمانەن: نەبوونی دەسەڵات و نەخوێندن بە کوردی لە فێرگەکان (قوتابخانە و زانکۆ)، نەخوێندنەوە یا کەمخوێندنەوەی دەقی پاراوی کوردی، نەنووسین بە کوردی، گوێنەدان بە دەسکەوت و بڕیارەکانی *کۆڕی زانیاری*، کەمتەرخەمی لێزانان و کاربەدستانی هەرێمی زمانی کوردی، ترس لە نزیککردنەوەی زمانی نووسراوە لە زمانی زارەکیی کوردی، هوروژمی زمانی هەڵە و سەقەتی میدیای کوردیی کە سەرلەبەریان لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکیدان و زۆرینەی کورد بەردەنگیانن و هتد.

نموونەکانی هەڵەی سینتاکسی کە لێرەبەدوا دەیخوێنینەوە لە ژێر کاریگەریی عەرەبی و فارسی و ئینگلیسییەوە هاتوونە نێو زمانی کوردییەوە. دیارە نموونەی وشە و دەستەوشە و ئیدیۆم و ڕستەی هەڵە یەکجار زۆرن بەڵام لە وتارێکی وەها کورتدا ناکرێ لە چەند نموونە زیاتر بخەینە بەر چاو. ئەوی ڕاست بێ، ئەمانە هیچیان نموونەی ئاوارتە و بە ئەنقەست هەڵبژێردراو نین و زۆریان دەبیستین و دەخوێنینەوە:

وەرگیراو لە عەرەبی: لە ئێستادا، هەستان بەو کارە، هاوسەرگیری یا هاوسەرگیریکردن، حاجیە خانم، هەروەها پیتی پێوەندی «و» لە کوردیدا بە «وە»ی عەرەبی و فارسی ناگوترێ و نانووسرێ و هتد.

وەرگیراو لە فارسی: حیرسوجۆشخواردن، لە زەوق دان، گوێسپاردن بە [دەنگێک یا کەسێک]، لە حاڵێکدا کە کاری دەکرد، ئەنجام دان، بوونی هەیە، بوونی نییە، ژیانکردن، لە هیچ کەس شاراوە نەماوە کە... بە خوارد دان، بە کەسێک خواردن، با ئەوەی کە...، با وجوودی ئەوەی کە...، ڕێگاهایەکی دیکە، حوزوور پەیدا کردن، شەڕەفی حوزووریان هەیە، بابیمەیلنەبوون، دە ساڵی عومری بە فەنا چوو، ئیقدامکردن، تەغییر پەیدا بکا، خۆیان ئەرزیابی ناکەن، داشتەهای خۆمان، تەغییر تێدا ئیجادکردن، ئەرزشقایلبوون، لە جەریانی ئەو کارەدا، پێت بەری خوارد؟، ئاگاهی پەیداکردن، داغانبوون، بە فەرزی میسال، لە عەزا [ی شتێک یا کەسێک]دا مانەوە، پیادەبوون [لە ماشێن و...]، بەها پێدان، وارد [ی شوێن یا کارێک] بوون، هەروەها چەند نموونە لە کاڵکی مەسەل و درکەی فارسی کە بە لێشاو دەیانبیستین و دەیانڵێین و تەنانەت دەشیاننووسین:

شتی وای پارسەنگم دەنا! یەک سەر و مل بەرزترە! لە باغدا نییە! بە یەک گوڵ بەهار نایەت! تا نەبێت شتێک، خەڵک ناڵێن شتهایەک! لە ژێر بەیرەقی [شتێک یا کەسێک]دا سینگ دەکوتیٚ! لەگەڵ [گرفتێک] دەست و پەنجە نەرم دەکەین، ئاسمان و ڕیسمان پێکەوە گرێ دەدا! تاو لە کام لاوە هەڵهاتووە؟ و هتد.[٢٤]

کاتێک ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ـ کە لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیداین ـ دەقێک بە کوردیی ناوەندی دەنووسین یا وەری‌دەگێڕین، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بێتو بەردەنگەکەمان کوردێکی باشووری بێ ـ کە ئەویش بۆخۆی لە ژێر کاریگەریی عەرەبیدایە ـ و بیخوێنێتەوە، چەندە و چۆن لە واتا و مەبەستی نووسراوەکەمان حاڵی دەبێ؛ ئەم کارە بەهاسانی بۆمان دەردەخا لە کوێدا وتەکانمان لەسەر بنەمای سینتاکسی فارسی داڕشتووە.

هەروەها بێجگە لە زمانی دەر و دراوسێکان بەرەبەرە خەریکین کارتێکردنی زمانانی ئوروووپاییش دەبینین. هەڵبەت زیاتری ئەم هەڵانە نەک ڕاستەوخۆ، کە لە زمانی فارسییەوە وەرمانگرتوون. بۆ وێنە لە ئینگلیسییەوە: حیساب لەسەر کەسێک کردن، نەجات دانی گیانی کەسێک، وەخت دانان لەسەر کارێک، پیادەکردنی تەرح و پلان، و...؛ یا لە فەرانسییەوە: دووش‌گرتن و هتد.

جیاکردنەوەی زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن: دیاردەیەکی تر کە دەبێتە هۆی زیاتربوونی هەڵەی زمانی لە کوردیدا و هەروەها هورووژمی وشە و ئیدیۆمی بێگانە، ئەوەیە کە هەندێک پێیانوایە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین دەبێ لێک جیاواز بن؛ پاساوی بۆچوونەکەشیان ئەمەیە کە دەڵێن بۆ وێنە زمانی ئاخاوتن و قسەکردن بە فارسی یا عەرەبی لە زمانی نووسینەکەیان جیاوازە و بەم پێیە دەکرێ زمانی پاراو و ڕەسەن تەنیا لە کوردی‌نووسیندا ڕەچاو بکرێ نەک لە ئاخاوتندا. ئەگەر پێمانوابێ کە لە چوار پاژ و قۆناغی گوێ‌گرتن، گوتن، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، نووسین پایەبەرزترین قۆناخی زمانە و زیاتر دەبێ هۆشمان بە نووسینەوە بێ، ئەوە تەواو بە لاڕێدا ڕۆیشتووین. ئەگەر ئەم چوار بەشە بەتایبەت نووسین و گوتن جیا بکەینەوە، تا چەند ساڵێ داهاتوو، کوردیی دروست و پاراو لە توێی کتێبەکاندا دەنێژین و بەرەکانی دواتر دەبێ بە زەبری وشەدان لێی حاڵی بن؛ زمانی ئاخاوتن لە زمانی نووسین زیندووترە. زانستی زمانناسییش پلەی ئاخاوتن سەرتر لە نووسین دەژمێرێ. لەپێشدا گوتنە و ئینجا نووسین. ئاخاوتن، بناغەی نووسینە و ئەگەر بێنین تەنیا، بە کوردییەکی پەتی و پاراو بنووسین و ڕەوان و پاراو قسەکردن وەلا بنێین، وردەوردە و زۆر بەهاسانی و خێرایی کوردی قسەکردنی دروستمان لەبیر دەچێتەوە. لە چاو زۆر زمان وەک فارسی و عەرەبی، ئاخاوتن و نووسین لە زمانی کوردیدا لێک نزیکن و جیاوازییەکی زۆریان نییە؛ فێربوونی زمانی پاراو لە بەساڵاچووانی نەخوێندەوار شوورەیی نییە. «خەڵکی سادەی نەخوێندەوار کە هیچ ئاگایان لە ڕێزمان و زمانەوانی نییە و بەم‌حاڵەشەوە چاک‌ترین و ڕاست‌ترین پێوانەشن بۆ ڕاستی و چەوتیی هەموو بابەتێکی زمانەوانی» (زەبیحی، ١٤٠١: چل‌وچوار). نووسین بە زمانی ئاخاوتن، نابێتە سووکایەتی‌کردن بە زمانی کوردی و زمانناسانی کوردیش پێیانوایە «زمانی وتوویژی کوردی، نزیکترە لە دەستوور و ڕێزمان تا عەرەبی» (مەسعوود محەممەد، ١٩٧٣: ٨٣)؛ کەوایە، دروست و زانستیی نووسینی زمانی کوردی ئەو کاتە دێتە دی کە زمانی نووسین لە زمانی سووک و ڕەوانی ئاخاوتن نزیک بێتەوە؛ بەم جۆرە کەمتر بۆنی دەستکردی‌بوون و وەرگێڕانی لێدێ.

**٣. دەسکەوت**

پرس و باسی سەرەکیی وتار، چەندوچۆنیی هەڵەکانی نووسین و قسەکردن لە زاری ناوەندیی زمانی کوردیی، بەتایبەت موکریانی، لە ژێرکاتێکردنی زمانانی بیانیدا و هۆکارەکانی و ڕێی دەربازبوون لەو هەڵانە بوو. باسەکە بە پێی هەڵەڕێزمانییەکانی مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسییەوە دابەش کرا و لە ئاکامدا ئەم خاڵانەی ژێرەوە وەک دەسکەوت دەستنیشان دەکرێن:

---

[٢٤] . سەرچاوەکانی ناسین و فێربوونی دروستی بابەتەکانی ئاخاوتنی فۆلکلوری کوردی (وەک پەند و ئیدیۆم و مەسەلی کوردی) لە کتێبخانەی زمانی کوردیدا زۆرن. یەکێک لە باش‌ترین سەرچاوەکان، کتێبە چەندبەرگییەکەی *سەلاح پایانیانی* ـ یە بە ناوی *فەرهەنگی زارەکیی موکریان* کە تا ئێستا ١٢ بەرگی (تا پیتی ک) چاپ بووە و دەکرێ بڵێین کۆی فەرهەنگەکانی زاراوە و پەند و مەسەل و هتدی پێشووە.

لەمەڕ لایەنی وەرگرتن یا وەرنەگرتنی وشەی بیانی، پێویستە نە وا دەمارگرژ بین کە هاوردەکردنی وشەی بێگانە بە ڕووخاندنی زمانەکەمان بزانین و نە وا کەمتەرخەم بین کە بۆ هاتنەژووری هەر وشەیەکی بیانی درگای زمان بێ پاسەوان ئاواڵە بکەین. هەروەها بینیمان کاڵکی وشەیی، یاریدەدەری سازکردنی وشەی نوێیە بەڵام کاڵکی داڕشتەیی و سینتاکسی نەخۆشیی زمانە و ئەگەری کەوتنە پەراوێزی کوردی و تەنانەت لەناوچوونی زیاد دەکا و ئەمەش ترسێکی لەڕاستیبەدوور نییە. گەر بێتو بۆ هەر جۆرە هەڵەیەکی زمانی درگای زمان بخەینە سەر پشت، ئەوە زۆری پێناچێ لە ڕێسمە و گرێژنە دەترازێ.

دواتر ئاماژە بۆ چەند هۆکاری سەرەکی و لاوەکی تەشەناکردنی هەڵە زمانییەکان کرا؛ وەک وەرگێڕانی قەرزی و دوورکەوتنەوەی زمانی نووسین لە ئاخاوتن. هەڵبەت وەک گوتمان، تاوانی کاڵکی سینتاکسی تەنیا لە ئەستۆی وەرگێڕانی ناشی نییە بەڵکوو هەر کوردێکی قەڵەمبەدەست کە زەینی بە زمانێکی تر ڕاهاتووە، دەبێ وریا بێ.

چەند پێشنیار و ڕێگا بۆ بژاری زمان و بەرگری لە هەڵەگوتن و هەڵەنووسین: ڕاستە بۆ پاڵاوتن و بژاری زمانی کوردی تەگەرە و کەندوکۆسپی زۆرمان لەسەر ڕێیە بەڵام هەرکەسەو دەبێ لە خۆیەوە دەست پێبکا؛ بۆ ناسینەوە و خۆبواردن لە هەڵەی زمانی، پێویست نییە پسپۆڕی زمان بین؛ بە وردبوونەوە و سەرنجدان و تێفکرین لە شێوەی نووسین و قسەکردنی دروست، دەتوانین زمانەکەمان پاک بکەینەوە. ئەوەندەی بۆمان دەلوێ زەین و زمانمان بە خوێندنەوە و ڕەچاوکردنی دەق و نووسراوەی پوخت و پاراو، ڕابێنین. کەسێک دەتوانێ بە کوردیی پاراو و دروست و بێ گرێ‌وگۆڵ بنووسێ کە بە بیستن و خوێندنەوەی وتە و بەرهەمی بێ‌هەڵە، هەنبانە و پێوانەی بیر و زەینی لە کوردیی پاراو، تەژی بکا. قۆناغی دواتر و لەویش گرنگتر، نووسین بە کوردییە. تا نەنووسین، نازانین لە چی و کوێدا گرفتمان هەیە. ئەوی بە کوردی دەنووسێ، زەینی بۆ قسەکردنی پاراویش ئامادەترە و بۆ وشە دانامێنێ. خۆڕاهێنان بە خوێندنەوە و نووسین بە کوردییەکی بێ‌هەڵەوپەڵە یا بە لانیکەم کەم‌هەڵە، مەرجی سەرەکیی پاراستنی هەرێمی زمانە. زۆرینەی نووسەرانی کورد بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیسی دەنووسن و لایانوایە نووسین بە زمانی بیانی، لە ڕواڵەتدا کێشەیەک ساز ناکا و بگرە بەردەنگی زیاتریان دەست کەوێ، بەڵام خوێندن و خوێندنەوە و نووسین بە زمانێکی بیانی بە مانای بیرکردنەوە بەو زمانەیە. نزیککردنەوەی زمانی نووسین و ئاخاوتنیش هەروەک باسکرا ڕێگەیەکی ترە بۆ خاوێنکردنەوەی زمانی کوردی.

زمان، پاوانی کەس نییە و سامانێکی گشتییە؛ پێویستە سەرپاکی ئاخێوەران لە حاند زمانەکەیاندا بەرپرس بن؛ تەنیا کاتێک تووشی هەڵە نابین کە زمان لە نەخوێندەوارەکان یا مامۆستایان فێر بین و ئەگەر ئەوەش دەست نادا با لە دمڕاستان و شارەزایانی ئەم بوارە ڕێنوێنیی وەرگرین. پێویستە تا کار لە کار نەترازاوە، هەڵەچنی و بژارێکی زەین و نووسراوەکانمان بکەین. دیارە هەڵە زمانییەکانی کوردیی ئەمڕۆ وەهای زەین و زمانی هەمووکەس تەنیوە کە نووسەری ئەم وتارەش لە خۆی دڕدۆنگە و ئەرخەیان نییە تووشی کاڵک نەبووبێ. هیچ دوور نییە کە خوێنەری وردبین، لەم نووسراوەیەشدا چەند هەڵەیەک ببینێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

ئیبراهیمی، مەزهەر (۱۳۹۳). «پەتا زمانییەکانی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی سنە». لە گۆڤاری *مەهاباد*. ژمارە ۱۵۹. لل. ۹ ـ ۸.

بەسیر، کامیل (۱۹۷٤). «زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی». لە گۆڤاری *کۆڕی زانیاریی کورد*. بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم. لل. ۷٦٥ ـ ۷٥۱.

پایانیانی، سەلاح (۲۰۲۲). *فەرهەنگی زارەکیی موکریان*. (تا ئێستا ۱۲ بەرگی چاپ بووە). هەولێر: خانەی موکریانی، چاپی دووهەم.

حاجی‌مارف، ئەوڕەحمان (۱۳۹٦). *ڕێزمانی کوردی (بەرگی یەکەم: وشەسازی: بەشی یەکەم: ناو)*. کەرەج: مانگ، چاپی یەکەم.

زەبیحی، عەبدوڕەحمان (۱٤۰۱). *قامووسی زمانی کوردی*. سەقز: خانی، چاپی یەکەم.

سەجادی، بەختیار و ئیبراهیمی، مەزهەر (۱۳۹۸). *زمان و وێژەی کوردی*. پێداچوونەوەی دووەم. سەقز: گوتار، چاپی سێیەم.

شەڕەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار) (1974). «کورد و سەربەخۆیی زمان». لە گۆڤاری *کۆڕی زانیاریی کورد*. بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم. لل. 320 ـ 280.

شێخەلئیسلامی، موحەممەدئەمین (هێمن) (1396). *سەرجەم و کۆی شیعر و پەخشانی مامۆستا هێمن موکریانی*. پیاچوونەوە و هەڵەبژێری ژیلا قەوامی و ئیلهام قەوامی. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم.

قادرزادە، زانیار (۱۳۹۹). «سووکەئاوڕێک لە خەسارەکانی نووسین لە کوردیی نێوەڕاستدا». بەشی یەکەم. لە گۆڤاری مانگانەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی *زانکۆ*. ساڵی یەکەم. ژمارە ٥. لل. ٤٥ ـ ٤۲.

مەسعوود محەمەد (۱۹۷۳). «بەکارهێنانی "ی" لە ڕێزمانی کوردیدا»، لە گۆڤاری *کۆڕی زانیاریی کورد*، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، لل. ۱۰۲ ـ ۳۹.

مەزهەر، کەمال (۱۹۷۳). «پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دووهەمیدا»، لە گۆڤاری *کۆڕی زانیاریی کورد*، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم. لل. ۳٤٦ ـ ۳۲۲.

مینۆرسکی، ڤلادیمێر (۱۹۷۳). «کورد نەوەی میدێکانن». گۆڕین و لێدوانی د. کەمال مەزهەر. لە گۆڤاری *کۆڕی زانیاریی کورد*، بەرگی یەکەم. بەشی یەکەم. لل. ٥٦٦ ـ ٥٦٤.

**فارسی:**

سمیعی گیلانی، احمد (۱۳۹٦). «گرتەبرداری». در فصلنامەی مترجم. سال بیستوششم. شمارە ٦۳. صص. ۳۰ ـ ۲٥.

صفارزادە، طاهرە (۱۳۸٤). *ترجمەهای نامفهوم*. تهران: مرکز، چاپ اول.

طباطبائی، علاءالدین (۱۳۸۷). «گردەبرداری در واژەسازی». در *نامەی فرهنگستان*. دورەی ۱۰. شمارەی ۳ (پیاپی ۳۹). صص. ۱۹٦ ـ ۱۸۸.

عقیلی آشتیانی، علی‌اکبر (۱۳۸۸). *ترجمەی متون ادبی*. تهران: رهنما، چاپ دوم.

فروزندەفرد، منوچهر (۱٤۰۱). «زبانپژوهی ٤». در فصل‌نامەی فرهنگی ـ ادبی *قلم*. شمارە ۲۰، بهار. صص. ۲۱ ـ ۹.

**ئینگلیسی:**

Bassnett-McGuire, Susan. (1991). *Translation Studies*. London: Routledge.

Gracés, Carmen Valero. (1994). “A Methodological Proposal for the Assessment of Translated Literary Works”. In *Babel* 40: 2. 77-120.

Lehman, W. P. (1962), *Historical Linguistics: An Introduction*. Holt, Rinehart and Winston, New York.

Naida, Eugene. (1964). *Towards a Science of Translating*. Leiden: E, J. Brill.